سەرۆک کۆمار پێشوازی لە هاوڕێکاری ئاسایشی نیشتمانی دەکات

سەرۆک کۆمار، دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ پێنجشەممە لە کۆشکی بەغدا، پێشوازیکرد لە هاوڕێکاری ئاسایشی نیشتمانی، قاسم ئەعرەجی .

لەدیدارەکەدا تاوتوێی پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکانی وڵات وپێویستی چەکردنوێی هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی ئاسایش لە ناوچە سنوورییەکاندا کرا، لەگەڵ چارەسەرکردنی دۆسیە گەورەکانی ئاوارەکان بە ناوچەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی لە شاری شەنگال ئاوارە بوون.
هەروەها جەختیان لە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی حکومەت کردەوە بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و باشترکردنی ئاستی ژیانی هاونیشتمانیان.